# زمانی فیکر، زمانی شیعر
# گفتوگۆ لەگەڵ "هەندرێن"ی شاعیر و نووسەر

سازدانی: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

دەروازەیەک:
ئەوەی کە لەو گفتوگۆیە زێتر تەئکیدی لێدەدەکرێتەوە مەسەلەی فیکر و شیعرە. دەمەوێ بڵێم قسەکردن لە شیعر فیکریش دەگرێتەوە، چونکە نە زمانی بێ فیکر هەیە، نە فیکری بێ زمان، بەڵام ڕەنگە ئەو جۆرە ڕەنگدانەوەیە لەنێو شیعر نەکرێ بە ڕەنگدانەوەی فیکر لەنێو مەعریفەدا بەراوردی بکەین. کەواتە ڕەنگدانەوەی فیکر لە شیعردا هەر تەنیا بەرجەستەکردنی هێڵەکانی فیکر بە شیعرە ڕاستەوخۆکان ناگرێتەوە، بەڵکو جۆرێکە لە پ ِرشنگ، جۆرێکە لە هەستکردن، بەو مانایە شیعر لە دیوە پەنهانەکەی خۆیدا هەڵگری هەر تەنیا فیکر نییە، بەڵکو هەڵگری پرشەنگی مەعریفەشە، بەڵام نەک بەو مانایەی، کە لە سەردەمی ئیدیۆلۆژیا و سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی.. تاد، بەڵکو بە ڕوویەکی دیکە، کە لە پێناوی بەرجەستەکردنی شیعرییەت دەکەوێتەوە، لێرەوە، دەکرێ کەڵوەرگرتنی شیعر لە فیکر، ئەفسانە، فەلسەفە و مەعریفە بەو شێوە کۆنە تەماشا نەکەین، بەڵکو بە شێوەیەکی مۆدێرن سەیری بکەین. واتە چۆن لەپێناو بەرجەستەکردنی ئێستاتیکا و بەرزکردنەوەی لێکخشانەکانی مانا و شیعرییەتدا تەوزیف دەکرێ بەو مانایە تەواوی تەوزیفکردنی فیکر، ئەفسانە و مەعریفە.. تاد، دەبێ لەپێناو بەرجەستەکردنی شیعرییەت بێ، یان وەک (هەندرێن) دەڵێ: بۆ ڕەواکردنی فیکریەتی شیعریی، بەڕەواکردنی ئەفسانەی شیعریی و بەڕەواکردنی مەعریفەی شیعریی بکەوێتەوە.
لێرەوە ئەگەر بە ڕەگەزەکانی شیعردا بچین، دەبینین لە فیکر، مەعریفە، مانا، دەلالەت، ڕەهەندە مەعریفەیییەکان و جوانی بەدەر نییە، بە دیوەکەی دیکەش، دەکرێ خودی ئەو ڕەگەزانە بە شوناسنامەی شیعری بچوێنین. سەرەڕای ڕەگەزەکانی ریتم، هەست، شیعرییەت، شێواز و چنین و... تاد.
بەڵام ئەوەی، کە ئەو ڕەگەزانەی دابەش کرد، یان بەرەو خۆی کێش کرد، بەجۆرێکی دیکە دەکرێ بڵێین شیعری دابەش کرد، ڕێبازەکانی ئەدەب بوو، هەر لە کلاسیک، ڕۆمانسی، ڕۆمانتیک و ڕیالیزم .. تاد، کەواتە قسەکردن لەسەر شیعر ئەمڕۆ هەر تەنیا قسەکردن نییە لە فیکر و مەعریفە، هەست و ئیقاع، بەڵکو لە کۆی ڕەگەزەکان قسە دەکرێ، بەڵام نەک بەپێی ڕێبازەکان، بەڵکو لە پێناو شیعرییەت لەپێناو چێژ، جوانناسی و ڕۆشنبیری .. تاد.

ئەگەر بۆ شیعری عەرەبی بگەڕێینەوە، دەبینین شیعر سەرچاوەی زانیاریی، فیکر و مەعریفەی عەرەبییە. بەدیوەکەی دیکەش، دەشێ لە شیعری کوردییدا بەر لە گرفتی فیکر، مەعریفە، هەست، سۆز و ئیقاع بگرین، بەر لە گرتنی ڕەهەندەکانی مانا، چێژ هەڵبگرینەوە، بەر لە هەڵگرتنەوەی فەلسەفە، دابونەریت و ئەخلاق بگرین، بەر لە داهێنانەکانی ڕەگەزەکانی دیکەی شیعر، هەستی بەرگریکردن، ڕاسان و ڕابوونەوە بەرجەستە بکەین.
کەواتە شیعری کوردیی بەر لەوەی نمایشێکی فیکریی، مەعریفیی و فەلسەفیی بێ، نمایشی دابونەریت، ئەخلاق، بەرگریکردن و ڕابوونەوەی لەخۆدا نواندووە، ئەوەش بێگومان بۆ بارودۆخی کوردیی دەگەڕێتەوە، هەروەک بەدیوەکەی دیکەش بۆ عەقڵی کوردیی. ئەو عەقڵەی، کە بەردەوام لەژێر فشاری ئەویدیکە نالاندوویەتی، ئەو عەقڵەی بەردەوام بەر لەوەی بیر لە خۆی بکاتەوە، ئەویدیکەی پێشخستووە، یان بەمانایەکی دیکە، هەمیشە کەوتووەتە ژێر سێبەری ئەویدیکەوە. بەو مانایە ڕۆشنبیری کوردیی، بە پێی قۆناغەکان و بارودۆخی کوردیی، گۆڕانی بەردەوامی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئاخۆ چۆن دەتوانین بۆ ئەو هێڵە بگەڕێینەوە، چۆن دەتوانین بەدوای ڕەگەزە خۆماڵییەکەی شیعری کوردیی و ڕۆشنبیری کوردییدا بچین و یەکلای بکەینەوە؟
هەر لەمیانەی ئەو مەسەلانە هەوڵدەدەین ئەو گفتوگۆیە دابمەزرێنین بۆ ئەوەی جوانتر لە ڕەهەندەکانی شیعر، ئێستاتیکا، چێژ و مانا بگەین؛ بەمجۆرەی خوارەوە گفتوگۆکەمان درێژە پێدا.
عەبدولموتەلیب: ئایا بۆ داهێنانی شیعر، وەک پێویست دەشێ قسە لەسەر ڕۆشنبیری شیعریی، یان بەدیوەکەی دیکە لە بیرکردنەوەیەکی تایبەت بە شیعر بکەین، شاعیر تا چەند دەشێ خاوەنی بیرکردنەوە، مەعریفە و فەلسەفە بێ، ئایا ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەهەندانە چەند لە بەرژەوەندی شیعر دەکەوێتەوە؟
هەندرێن: ئەمڕۆ ئێمە ناشێ قسە لە تەنیا دیتنێک بکەین، واتە تاکڕەهەندی لە هەموو بوارەکان بەرەو جۆرێک لە ئیشکالییەت و گرفتی جۆراوجۆرمان دەکاتەوە، لێرەوە شیعر ناکەوێتە دووتوێی پێناسەیەکی دیاریکراوەوە، بەڵکو شیعر هەڵگری کۆمەڵێک پێناسەی لێک جیاواز و هەندێ جاریش دژ بەیەکە، بەو مانایەش تۆ دەشێ شاعیرێک بیت، لەسەر شتە سادەکانی ڕۆژانە، نەک قووڵە مەعریفیی و فیکرییەکان، لەگەڵ ئەوەش دەشێ لەهەمان کاتدا بە هەردوو شێوە دەستبەکار بیت. بۆیە ئەمڕۆ تاک پێناسەی، یان تاک دیتی بۆ شیعر نەک لەنێو ڕۆشنبیری کوردیی، بەڵکو لەتەواوی ڕۆشنبیرییە جیهانییەکان شوێنێکی بۆ زیندەگی دەست ناکەوێت، کەواتە دەبێ بە نیسبەت شیعر بەردەوام تێڕوانینێکی جووڵاومان هەبێ. واتە دەشێ لە یەکەم کاتدا هەم شاعیرێکی بیرکەرەوە بین، هەم شاعیرێکی هەستی ڕۆژانە و لەسەر شتە سادەکان بوەستین.
عەبدولموتەلیب: قسەکردن لە هەست و فیکر زۆر کۆنە، هەروەها ئەگەر ڕۆژانێک ئەرکی شیعر گەیاندنی زانیاریی بێ، یان فیکر و مەعریفە بێ، ئەمڕۆ شیعر لە کۆی ئەوانەوە چێژ و جوانییەکان دەخاتەوە، شیعر لەمیانەی بەرجەستەکردنی ئاستی زمان و بەرزکردنەوەی ئاستی زمان و

ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی زمان، دنیا دووبارە وێنا دەکاتەوە؛ دنیا دووبارە چێژباران دەکات و بە جوانی سیاقەکانی خۆیەوە، بە دەلالەتەکانی دەیڕازێنێتەوە.

هەندرین: زمان لە شیعردا تەواوی ئاستەکانی لەخۆوە گرتووە، زمان هەم شوێنە و هەم کات، شیعر لەمیانەی هەنگاوەکانی خۆیدا هەندێجار وێنەی خوێنەرێکی کۆمەڵایەتی دەگرێ، لە کاتێکی دیکە وێنەی ئەبستراکتی خوێنەر بەرجەستە دەکات، ئەگەر شیعر لە جووڵەکانیدا تەعبیر لە گرتنی وێنە جیاجیاکان بکات؛ ئەوە بەدیوەکەی دیکەی تێڕامانی مرۆڤێکە، وەک چۆن بەرجەستەکردنی شوێنکاتێکی تایبەتە، پرۆسە نیگایەکی مرۆڤایەتی تایبەتە لە ساتێک لە ساتەکانی ژیاندا، لێرە دەشێ دیمەنێک، یان وشەیەک بێتە کۆدی شیعر، یان کرانەوەی شیعر بەدیوەکەی دیکە، دەربڕینی حاڵەتێکی نائاساییە، یان دەربڕینی حاڵەتیکی شوێنکاتئامێزە. بەمجۆرەش، شیعر جۆرێک لە ئاکامگیری دروست دەکات، بەڵام لەدوای ئەو ئاکامگیرییەش، زمانی شیعر لە جووڵەی خۆی ناکەوێت؛ بەپێی خوێنەری جیاجیا، وێنە، جووڵە و مانای جیاجیا دەنەخشێنێ، کاری فیکر لەناو شیعردا بەرجەستەکردنی جووڵەکانی زمانی شیعرە، هەمیشە کاری نواندنی وێنەکان، ئیقاع، هەست و دنیابینییەکی دیکە و تێڕامان و بێدەنگی و ... تاد، لەخۆ دەگرێ. هەمیشە وێنایەکی دیکە لە جووڵەی ژیان بەرجەستە دەکات. ئەگەر ئێمە جەستەی قەسیدە، جەستەی دەقێکی فەلسەفیی، وەک جەستەی مرۆڤێک سەیر بکەین، یان وەک جەستەی کۆمەڵگەیەک سەیر بکەین، دەبینین هەڵگری ڕەوتێکی مێژوویییە و بەردەوام کات و شوێن بەرز دەکاتەوە. هەمیشە کاری شیعر، فەلسەفە و فیکر دواجار کردنەوەی کۆدەکانە. کردنەوەی بێدەنگییەکانە. پاش ئەو بێدەنگییە دواجار خۆی وەک بوونێک، وەک بوونێکی هەستەکی، وەک ئەوەی پێمان بڵێ تۆ لەکوێی، تۆ لەکام شوێندای.. دەکرێ دواجار ئەو پرسیارەی تۆ لەکوێی، دەبێتە دەقێکی دیکەی شیعریی، دەقێکی دیکەی فیکریی و فەلسەفیی. لێرەوە دەشێ نزیکایەتییەکان سەیر بکەین.

عەبدولموتەلیب: لێرە شیعر بەجۆرێک خۆی لە بەهەڵمبوونی مانا، فیکر، فەلسەفە و مەعریفەدا دەدۆزێتەوە، شیعر دواجار لە سیاقە جۆربەجۆرەکانی خۆیدا چێژ لەو بەهەڵمبوونە هەڵدەگرێتەوە، لە ئێستاتیکا و شیعرییەتدا خۆی بەرجەستە دەکات. مەبەست لێرە ئەوەیە، کە شیعر کاری فیکر ناکات، چونکە لە دەرئەنجامدا شیعر هەڵگری مەبەست و پەیامێکی دیاریکراو نییە، شیعر فەزایەکی کراوەیە، دەشێ شیعر لە بەهەڵمبوونەوە هەڵگرێتەوە، بەڵام هەرگیز ناشێ ئەم جۆرە خوێندنەوەت بۆ فیکر هەبێ، فیکر چوارچێوەی تایبەت بەخۆی دادەهێنێ، بەڵام شیعر شکانی چوارچێوەکان، شیعر دواجار بەرزکردنەوەی ئاستی زمانە، بەرزکردنەوەی جوانییە تا ئاستی لەزەتبردن، ئەگەر بشێ بەجۆرێک لە جۆرەکانی فیکر کۆنترۆڵ بکەین، یان دیاری بکەین، بەڵام شیعر لەو کۆنترۆڵکردن و دیاریکردنە دەردەچێ، زمانی شیعر زمانێکی هولامییە، زمانێکی خزە، زمانی شیعر دواجار لە لادانەکانەوە جوانی و چێژ دەڕێژێ، لێرەوە دەشێ کەوانەیەک بۆ بەهەڵمبوونی ڕەگەزەکانی شیعر بکەینەوە و شیعرییەت بگرین، داهێنان بەردەوام ڕەفزی چوارچێوەکان

دەکاتەوە، بەڵام دەشێ فیکر لەمیانەی چوارچێوەکاندا بگرین. داهێنان هەمیشە دەکەوێتە سەرووی زەمەنەوە، ئیبداع هەمیشە لە ژیاندایە و قۆناغەکان دەبڕێ، بەڵام فیکر مەرج نییە ژیانی پارێزراو بێ، یان بەتەواوی خۆی لە هەموو قۆناغەکاندا هەڵگرێتەوە. فیکر بەردەوام لە گۆڕاندایە، بەردەوام لە گەشەکردنەکانەوە دەشێ پەنجەی بۆ ڕادێرین، بەڵام داهێنان هەمیشە زیندووە و لە زیندوویەتی خوێندنەوەکانیش ڕەهەندی دیکە، چێژ و لەزەتی دیکە بەرجەستە دەکات، مانا و دەلالەتی دیکە دەنوێنێ.

هەندرێن: من پێم وایە بەو جۆرەی تۆ باسی شیعر دەکەی، جیاکردنەوەی شیعر و فیکرە، بەڵام بەلای من دیتی مرۆڤ، هەستی مرۆڤ هەمیشە بەدوای سەرنجڕاکێشانە، بەهەڵمبوونی دەق، بەلای من چاوێکی دیکەیە بۆ دیتن، لە ڕێگەی ئەو دیتنەدا تۆ هەوڵی زێتر بۆ سەرنجکێشکردن دەدەیت، دەتەوێ لێکدانەوەیەکی دیکە، ڕەنگێکی دیکە و خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ئەو هەڵمە بەرجەستە بکەیت، ئەوەش بەڕای من لە ڕێگەی بینینی هەستەوە دەبێ، ئەو هەستەش هەستی زمانە، چونکە تۆ، کە زمان بەکار دێنی دەتەوێ مانایەکی دیکە بەو هەڵمە ببەخشی. کاتێک، کە زمان دەبێتە شوێنی دواندن، ئەوکاتە تۆ کەرەسەیەکی دیکە، هێزێکی دیکە و دیمەنێکی دیکە بۆ خۆت ئامادە دەکەیت، لەو دیمەنەدا، هەڵوەستەیەک، خاوبوونەوەیەک، خامۆشییەک داتدەگرێ، ئەم خامۆشییە بۆ جۆرێکی دیکە لە سەرنجڕاکێشانە بۆ بەردەوامییەتی سەرنجڕاکێشانە، ئەگینا ژیان کۆتایی دێت، کەواتە تۆ دەتەوێ لەو بەهەڵمبوونەدا دەقێکی دیکەی شیعریی، دەقێکی دیکەی فیکریی، هەروەها ئەوە کۆتایی هێنانە بە پیرۆزیی. کەواتە تۆ بۆ ئەوەی باس لە سەرنجڕاکێشانێکی دیکەی بکەی، زاراوەی بەهەڵمبوون بەرز دەکەیتەوە، لەو بەهەڵمبوونەش شێوەیەکی دیکە زمان دەدوێنێ، ئەوەش بەلای من جۆرێکە لە بەردەوامییەت، جۆرێکە لە گۆڕان.

عەبدولموتەلیب: ئێمە دەبێ قسە لە دوو جۆر زمان بکەین، زمان لەنێو شیعر، زمان لەنێو فیکر. زمان لەنێو شیعر لە خزینی مانا و دەلالەتەکانەوە خۆی هەڵدەگرێتەوە. واتە شیعر لەسەر خزینی ماناکان ئیش دەکات، بەڵام فیکر لەسەر دیاریکردنی ماناکان کار دەکات، فیکر بەردەوام لە داهێنانی چەمک و زاراوەدا خۆی دەدۆزێتەوە، بەڵام ئەگەر بەدیوەکەی دیکە سەیری زمان بکەین، زمان بۆخۆی فێڵکردنە، ئێمە لە هەردوو بواردا دەکەوینە نێوان ئەو فێڵەوە، دەکەوینە نێوان ئەو زیندانەوە. بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی لۆجیکیانە سەیر بکەین، دەبینین هەمیشە مرۆڤ لەنێو زماندا دەخزێ، بەردەوام دووچاری هەڵە، ونبوون و جۆرێک لە نامۆیی دەبێتەوە. زمان دواجار لە ڕێگەی فێڵ و تەڵەکانییەوە، دەمانخاتە ژێر سێبەرەکانی خۆیەوە. دواجار زمان بە جۆرێک لە جۆرەکان، خۆی لە نمایشکردنێکی فاشییانەدا هەڵدەگرێتەوە. لێرەوە زمان هەر ئەوە نییە، کە ئێمە مەبەستەکانی خۆمان لە ڕێگەیەوە بە یەکتر دەگەیەنین، بەڵکو ئەگەر زۆر وردبینەوە لەو گەیاندنەشدا دووچاری گیروگرفتی گەورە دەبین، ئێمە ئێستا بەشێوە ڕاستەوخۆکەی زمانەوە بەیەکدی دەگەین، دوورین لە یادەوەریی، خەیاڵ و مانا هەڵگیراوەکانی. دوورین لە ڕەهەندە ئایینی،

ئابووری و سیاسییەکانی. دوورین لە لێدانە لەیادکراوەکانی. زمان ئەو دەفرە بۆشە نییە، کە شێواز، مانا و دەلالەت کۆدەکاتەوە، چونکە زمان بۆخۆی ئەوەندە پڕە لە مانا، کە ئێمە ناتوانین بەیادی خۆمان بخەینەوە. ئەوەندە مەلەزان نین بەئاسانی مەلە لەنێو خەیاڵ، یادەوەریی و ماناکانی زماندا بکەین. زمان هەڵگری کۆمەڵێک وێناکردن، جیهانبینی و ئەفسانە، زمان خۆی ئەفسانەیەکی نەکراوەیەو لێرەدا شیعر و داهێنان لە خزینی ئەو مانا، خەیاڵ و یادەوەریەدا کاردەکات و ئەفسانەیەکی دیکەی زمان دەخوڵقێنێ، ئەویش شیعر بەمانا قووڵەکەی داهێنان. کەواتە داهێنانی شیعریی؛ خوڵقاندنی ئەفسانەی شیعرییە لەنێو زماندا، هەر بەو مانایەش کاری شیعری ئیبداعیی، شەبەنگێکە بەسەر زمانەکاندا گوزەر دەکات، زەمەنی (نالی) زەمەنێکی ستوونییە و لەگەڵماندا دەژی، لەگەڵماندا ڕێ دەکات و دەکرێتەوە و چێژ دەبەخشێ، زەمەنی (نالی) بەردەوام لە کرانەوە و درەوشانەوەدایە.

تێبینی:

1- ئەو گفتوگۆیە لە 15-2005/7/16 لە شاری سلێمانی؛ هاوینەهەواری سەرچنار بە ئامادەبوونی "حەمە عەباس، حەمە ڕەنجاو، شێروان خدر، حەسەن عەبدوڵڵا و ئازاد عومەر" ساز کراوە.

2- هەندرێن: نامەی بەکالۆریۆسی لەژێر ناوی "پێوەندی نێوان فەلسەفە و شیعر، بوون بە شیعر لە سەردەمی تەکنیک" هەروەها نامەی ماجستێری بەناوی "ئەویدیکە بە خوێندنەوەی درێدا"یە و هەردوو تێزەکە بە زمانی سوێدی پێشکەشی زانکۆ کراوە، ئێستاش لە سوێد لە شاری ستۆکهۆڵم دەژیت، لە سەردانێکدا بۆ کوردستان ئەو گفتوگۆیە ساز کرا.

سەرچاوە:

http://www.dengekan.com/doc/10/2005/mutalib_gftwGo_handren13.pdf